# پێنج حاڵەت لە عیشقت

عەلی نارێنی

حاڵەتی یەکەم

هەر منداڵی وگەورە نابی
وەکو خەیاڵی هەمیشە
هەر کە تامەزرۆشت ئەبم
ئەمبەیتەوە ماڵی شیعرو
دێڕ بە دێڕ دەمنووسیتەوە
ئەو دەمەی کە پڕ ئەبم لە شنەی رازو
لە جوانیشت خومار ئەبم
ئەچیتەوە یەکەم سیحری سەرنج و
لە گەل یەکەم دیدارا، پڕ پڕ ئەبی
لە بەرسیلەی کەسکی عیشق و
بۆ جێژووانم ئەبەیتەوە

حاڵەتی دووەم

وەك بەهاری
بە بێ گوڵی خەندە نایەی
بە بێ شەماڵی شادی و
رێژنەی ئاوازو
سیحری جوانی بەم خاکەدا گوزەر ناکەی
کە دەست دێنم ئەگریجە وزوڵفت دابێنم
دەستەکانم پڕ ئەکەی لە هێشوی جوانی
هەر لە یەکەم سەرنجەوە
پێش ئەوەی کە
هەست بە سەمای دڵم بکەم
بەیەك بزە
پڕم ئەکەی لە ئاوازو لە گۆرانی

حاڵەتی سێیەم

وەك هەتاوی
بە بێ گڕی گەرمی عیشق
لە جێژووواندا هەڵنایەی
بێ سۆزو کەف وکوڵی تاسە

پرچی نیگات پەخشان ناکەی
ئەو دەمەی کە لە دووریتدا رچاوم و
چاوەڕوانی پڕی کردووم لە ئازار
کە دەتبینم بە پرشنگی نیگایەکت
دلۆپ...دلۆپ لە خۆمەوە دەتوێمەوە
ئەبمە دەشتێك لە عیشق و
هاژە دەکەم وەکو رووبار

حاڵەتی چوارەم

وەکو مانگی
بە بێ تریفەو رووناکی
نیگا لە پەنجەرەکەم ناکەی
بێ شیعرو ژووان وکۆڕی خەندە
ماڵئاوایی لە دیداری منی چاوەڕوان ناکەی
ئەو دەمەی کە لە خەیاڵێکدا تەنهام و
هەست بە نامۆیی ئەکەم
دێیت وپڕم ئەکەیتەوە لە خەون ولە ئاوەدانی
کە کاتێکیش رائەکشێم
لە بەر ئاوریشمی تریفەت
دائەبەزی و
هێدی...هێدی دێیتە نێو چاوەکانمەوەو......
پڕ ئەبم لە کامەرانی

حاڵەتی پێنجەم

وەك رووباری
بێ هاژەو قەڵبەزەو کەفچڕین نایەی
بێ دەستی بەخشندەیی و
دڵێکی گەورەو میهرەبان
باوەشت بۆ منی تینوو والآناکەی
ئەو کاتەی کە دەچمە ژێر چەنەی خەیاڵ و
هەڵئەوەرمە سەر لەپی تەمەن ویادگاری
دێیت وبە چرپەیەکی شیرین
بۆ ماڵی عیشقم ئەبەیتەوە
کە تەنهاییش دەمکاتە دارێکی پاییزەو
بێ ئومێد ئەبم لە سێبەرم

باسکی شەپۆلێکی شێتم ئەدەیتێ و
دیسانەوە لق وپۆپی هیواکانم
سەر لە نوێ شین ئەکەیتەوە